# به تەزویر ناتوانن مێژوو بۆ خۆتان دروست بکەن!

لە ڕاگەیاندنێکدا کورش مودەرسی، یەکێك لە دوو دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی مارکس–حیکمەت لە لەندەن،ئەوەی ڕاگەیاندووە کە سایتی ئەنجومەن (www.marxsociety.com) لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانەوە شێوێنراوەو تەزویر کراوە،پاش ئەوەی لەماوەیەك لەمەوبەرەوە بە بێ ئاگاداری ئەمو بەڕێوەبەری سایت (شیرین ڕازانی) ناسراو بە(نەسرین جەلالی)، پاسۆردی سایتەکەیان گۆڕیوە.

ئەنجومەنی مارکس ساڵی 1999 وەکو ( ئۆرگانێکی فەرهەنگی غەیرە حیزبیو سەربەخۆ بەمەبەستی  کۆمەك کردن بە مەسەلەی فێرکردنو بڵاوکردنەوەی مارکسیزم) لەلایەن مەنسور حیکمەتو کۆرش مودەرسی یەوە لە لەندەن دامەزرا. دوای گیان لەدەستدانی مەنسور حیکمەت، بۆ ڕێزگرتن لەوئیزافاتانەی کە بۆ مارکسیزمی کرد،ناوی ئەنجومەنی مارکس گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی مارکس–حیکمەت. بەڵام ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران دەستی بەسەر سایتەکەدا گرتوە، ناوی بەرپرسەکەی (نەسرین جەلالی) لابردووەو دەستکاری شکڵو فۆرمی سایتەکەی کردوەو ناوی ئەنجومەنەکەشی گۆڕیوە!

ئەم کارەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران پێچەوانەی پرەنسیپی سیاسی مۆدێرنو کارێکی زەوتکەرانەیە. ئەوە چ پرەنسیپو رەفتارێکی سیاسی‌یە ناوی دامەزراوەیەك کە خاوەنەکەی کەسی دیکەیە بۆ خۆت بفڕێنی!؟ بە کام دەلیل؟ دامەزراوەیەك کە لە بەیاننامەی دامەراندنیدا بەئیمزای مەنسور حیکمەتو کۆرش مودەرسی نوسراوە (غەیرە حیزبیو سەربەخۆیە)و کۆرش مودەرسی، واتە دامەزرێنەری دووەمی لە ژیاندایە!؟ ئەمە ئەگەر زەوتکردن نی یە چ ناوێکی دیکەی لێ دەنرێت!؟ ئەمە هەنگاوێکی دیکەیە لە رەوتی تێکدانی ئەو ئۆرگانو دامەزراو سونەتو پرەنسیپە سیاسیو ئینسانیو کۆمۆنیستیانەی کە مەنسور حیکمەت دایمەزراندوون. هەنگاوێکی دیکەیە بۆ سڕینەوەی هەموو میراتە سیاسیو فکریو حیزبیو مارکسیستیەکانی مەنسور حیکمەت! ماوەیەك لەمەوبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانیان دووچاری لێکترازان کرد، پاشانیش لە هەوڵێکی نەزۆکانەدا ویستیان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیش لەبەر یەك بترازێنن! ئێستاش بەم کارەیان پەردەیەکی دیکە لە نامۆییو دووری خۆیان لە سونەتی مەنسور حیکمەت نمایش دەکەن.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ئەم کردەوەیەی سەرانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران  بەکارێکی نابەجێو بەزەربەدان لە ناوو هەیبەتو شەخسیەتی مەنسور حیکمەت دەزانین، کە بەناهەق بۆ بەرژەوەندی سیاسی تەنگی خۆیان سوود لە ناوی مەنسور حیکمەت وەردەگرن. ئەم کارەپێچەوانەی سونەتی کۆمۆنیستیو مارکسیستیو ئینسانی مەنسور حیکمەتەو بە توندی مەحکومی دەکەین. ئەنجومەنی مارکس– حیکمەت لە لەندەن،ئۆرگانی شەرعیو موعتەبەرە کە مەنسور حیکمەتو کۆرش مودەرسی دایان مەزراندوە، نەك ئەو ئۆرگانە تەزویرەی  کە حەمید تەقواییو سەرانی حککا دەیانەوێ بە سایتێکی ئینتەرنێتی تەوزیرکراوە دایمەزرێنن. مێژوویەك کە هی ئێوە نی‌یە ناتوانن بە زەوتکردنی سایتێکی ئینتەرنێتی بیکەنە مێژووی خۆتان، خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو مێژووە لە ژیاندایە.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**2005-1-28**